لیۆنێلیش ناتوانێت شەیتانەکان لە دۆزەخی ڤان گال رزگاربکات..

# «مێسی دەبێتە بەرگریکاری باڵی راستی مانچستەر یونایتد»



روودای وەرزشی ـ MU4

هاندەرانی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی هێندە بێئومێدبوونە لە شێوازی یاریکردنی یانەکەیان بەسەرپەرشتی لویس ڤان گالی راهێنەر هۆڵەندی، پێیانوایە ئەگەر لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینیش بێتە یانەکەیان هیچی پێناکرێت، تاوەکو ڤان گال راهێنەری یانەکەیان بێت».

هاندەرانی مانچستەر یونایتد، دوای دەرچوونی یانەکەیان لە چامپیۆنسلیگ و ئاست و ئەنجامە خراپەکانی ئەم دواییەی یانەکەیان لە پریمەرلیگ، زۆر بێزارن لە ڤان گال و پێیانوایە ئەو یانەی شەیتانە سوورەکانی خستووەتە ناو دۆزەخ و دەیەوێ بەتەواوی بیسووتێنێت. ئەوان هەڵمەتێکی گاڵتەپێکردنیان بۆ سەر ڤان گالی راهێنەری تیپەکەیا لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستپێکردووە، بەهۆی بێزاربوونیان لە شێوازی یاریکردنی ڤان گال، کە بەردەوام بە پلانی بەرگری یاریدەکات، هەمیشە پشت بە گەڕانەوە بۆ دواوەو دەستپێشخەری نەکردن لە هێرشبردن دەبەستێت. رۆژنامەی دەیلی میرۆری بەریتانی چەند کۆمێنت و جریوەی گاڵتەئامێزی جەماوەری شەیتانەکانی بڵاوکردووەتەوە، یەکێکیان نووسیبووی»لەو جۆرە بێزارییەم نەبینیوە، وەک ئەوەیە کاژێرەکان لەکارکەوتبن». یەکێکی دیکە نووسیبووی «ڤان گال تەلەفۆن بۆ مێسی دەکات و پێیدەڵێت وەرە تیپەکەم تاوەکو لە شوێنی بەرگری باڵی راست یاریت پێبکەم». دواتر هەرخۆی نووسیووە «دڵنیابن ئەگەر مێسیش بێتە مانچستەر یونایتد هیچ سوودی نابێت، چونکە زۆر ئاساییە ڤان گال پێیبڵێت پێویستە وەک بەرگریکاری باڵی راست یاری بکەی».

WWW.RUDAW.NET


رووداو وەرزشی

ژمارە (380) سێشەممە 2015/12/22 1ی بەفرانبار 2715 (500) دینار


رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


زۆربەی یاریزانانی چێڵسی قسەیان لەگەڵ مۆرینیۆ نەمابوو..

# فرمێسکی شەرەف

"شیڤشینکۆ لەدژی مۆرینیۆ سیخوڕی لەناو ژووری جلگۆڕینی چێڵسی دانابوو"





بارسیلۆنا کریستیانۆ رۆناڵدۆی دەوێ

4



مەحموود داهود..

یاریزانە کوردەکەی یانەی مونشنگلادباخ و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا

5



یانەی ئەتلەتیک بلباو ئامادەیە بێتە کوردستان

2

رووداو وەرزشی
ژمارە (380) سێشەممە 2015/12/22

## رەتکرایەوە



یەکێتی تۆپی پێی عێراقی رایگەیاند کە یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا داواکارییەکەی رەتکردووەتەوە، کە بە فەرمی داوای کردبوو هەردوو یانەی نوێنەری تۆپی پێی عێراق، نەوتی ناوەڕاست و جەویە لە جامی یەکێتی یانەکانی ئاسیا یارییەکانیان لەسەر یاریگەکانی کوردستان ئەنجام بدەن. لەو بارەوە سەباح رەزای ئەمینداری یەکێتی تۆپی پێی عێراق بە دەزگاکانی راگەیاندنی گوت « داواکارییەکەمان رەتکرایەوە، یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا رێگە نادات لەم بارودۆخەدا هیچ یارییەکی ئەو پاڵەوانییەتییە لە عێراق بەڕێوەبچێت. داوای لە دوو یانەکەی عێراق کردووە بە زووترین کات شوێنی یارییەکانیان دیار بکەن».

## دابان شەدەڵە، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیسپانیا:

# یانەی ئەتلەتیک بلباو ئامادەیە بێتە کوردستان



«کاری زۆرمان بۆ وەرزشی کوردستان کردووەو پەیوەندیمان لەگەڵ یانە گەورەکانی ئیسپانیا دروستکردووە»

**رووداوی وەرزشی ـ مەدرید**

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ یانەکانی ئیسپانیا دروستکردووەو کۆمەڵێک کارمان بۆ وەرزشی کوردستان کردووە».

دابان شەدەڵە، کە لە ساڵی 2010ەوە وەک نوێنەری حکومەتی هەرێم لە مەدریدە، لە یەکەم رۆژی چوونی بۆ ئیسپانیا گرنگی وەرزشی لەبەرچاو گرتووەو وەک خۆی دەڵێت «سیاسەت و وەرزش دوو بەشی گرنگی ژیانن، دەکرێت هەردووکیان بکرێنە بازنەیەک بۆ هەڵگرتن و نیشاندانی ناسنامەی نەتەوەیی میللەتان، بۆیە بەپێویستم زانی هاوشان لەگەڵ لایەنی سیاسی گرنگی بەلایەنی وەرزشیش بدەم، نەخاسمەش لەبەرئەوە کە ئیسپانیا خاوەنی وەرزشێکی پێشکەوتووە، بەتایبەتیش لە تۆپی پێ کە خاوەنی چەندین یانەی گەورە و بەناوبانگە و لەسەر ئاستی جیهان پێشەنگن».

ئەو دەشڵێت «کە هاتمە ئیسپانیا یەکەمجار بیرم لەوە کردەوە چۆن پەیوەندی لەگەڵ ئەو یانانە دروست بکەم، بۆ ئەوەی سوودیان بۆ وەرزشی کوردستان هەبێت».

دوای هەوڵێکی باش، توانیویانە لە مەدرید و بە هاوکاری یانەی ریال مەدرید خولێکی راهێنان بۆ چەند راهێنەرێکی کوردستان بکەنەوە «هەروەها کارێکی زۆرمان کردووە بۆ بەرنامەی کردنەوەی قوتابخانەی ریال مەدرید لە کوردستان، کە لەلای خۆمانەوە وەک نوێنەرایەتی هەموو کارەکانمان ئەنجامداوە، بەڵام پێدەچێت لە کوردستان، وەزارەتی پەیوەندیدار بەهۆی بارودۆخەکە تەواوکاری لەسەر نەکردبێت». دابان شادەڵی دووپاتیدەکاتەوە کە ئەوان بەردەوام بەدواداچوونیان بۆ بابەتەکە کردووە، چونکە وەک خۆی دەڵێت «دەزانین کارکردن لەگەڵ یانەیەکی گەورەو بەناوبانگی وەک ریال مەدرید چ بایەخ و گرنگییەکی بۆ منداڵان و گەنجە وەرزشکارەکانی کوردستانی هەیە».

نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە مەدرید، توانیویەتی یانەی هەڵەبجەی شەهیدیش لە رێگەی بڕوانامەی لێکتێگەیشتنەوە ببەستێتەوە بە یانەی ئەتلەتیک بلباوی هەرێمی باسکی ئیسپانی. لەو بارەوە نوێنەری حکومەتی هەرێم لە مەدرید دەڵێت «تەنانەت یانەی ئەتلەتیک بلباو ئامادەیە بێتە کوردستان بۆ هاوکاریکردنی براژی وەرزشی لە هەرێم». ئەو زیاتر گوتی «کاری دیکەی بەسوودیشمان بۆ وەرزشی کوردستان کردووە، بۆ نموونە راهێنەر شکور، توانیویەتی بڕوانامەی راهێنەری لە ئیسپانیا بەدەستبێنێت. کە لە راستیدا ئەم هەلانە گرنگن بۆ بواری پەیوەندی و دەرگایەکن بۆ ئێمە کە دەبێت لە ساتی خۆیدا سوودیان لێ ببینین».

دابان شەدەڵە، کە پێشتر نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی کردووە لە نەمساو لە بواری رێکخراوەیی مرۆیی و کەلتووری و هەروەها کاری لۆبیکردنیشی کردووە، خۆیشی وەرزشوانەو وەرزشی خۆشدەوێت، بۆیە لەوانەیە ئەمە وایکردبێت زیاتر بایەخی وەرزش بزانێت. ئەو پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ لایەن و کەسایەتییە وەرزشییەکانی کوردستانیشی هەیەو چەندین کاری بۆ کردوون. لەو بارەوە دەڵێت «هەلی ئەوەمان بۆ رەخساندوون لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا دابنیشن و لەلایەن رۆژنامەی مارکای بەناوبانگیشەوە خولێکیان بۆ کرایەوە».

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیسپانیا، حەزی لە تۆپی پێیە، چێژ لە یاری تێنسی سەرزەوی وەردەگرێت و خۆیشی فێری ئەسپسواری کردووە. ئەو دەڵێت «لە راستیدا هاندەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدم، بەڵام با راشکاوانە قسە بکەین، یاریزانانی جارجار رەق یاری دەکەن، کە من بۆ ئەوە لەگەڵیان نیم». هەروەها گوتیشی «مێسی یاریزانێکی نایابە، رۆناڵدۆش، بەڵام هەندێک تاکڕەوە، بێگومان نەیماریش یاریزانێکی زۆر باشە».

# کچێکی کورد راهێنەری لەشجوانیی ئافرەتانی سوێدە

ژوان کەماڵ، تەمەن 32 ساڵ، کچە کوردێکی شاری سلێمانییە، ماوەی 18 ساڵە لە سوێد دەژیت، وەک حەزێک زیاتر لە 5 ساڵە وەرزشیی لەشجوانی دەکات و ئێستاش بووەتە راهێنەری لەشجوانی و ساڵانە زیاتر لە 30 ژن لە ژێردەستی ئەو بە جەستەیەکی رێک و جوان بەشداری پێشبرکێی لەشجوانی دەکەن. (رووداوی وەرزشی) چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد:

هەڤپەیڤین: سامان بەشارەتی




**رووداوی وەرزشی:** تۆ پەیمانگای جوانکاریت تەواوکردووە لە سوێد، چۆنبوو دەستتکرد بەم وەرزشە؟

**ژوان کەماڵ:** وەک ئارەزوویەک ئەم وەرزشە دەکەم، پێموایە هەموو ئافرەتێک پێویستی بەوەیە جەستەیەکی رێک و جوانی هەبێت، جگە لەوەی لە رووی تەندروستییەوە سوودی لێ وەردەگرێت.

**رووداوی وەرزشی:** لە کەیەوە دەستت کردووە بە وەرزشی لەشجوانی؟

**ژوان کەماڵ:** زیاتر لە 5 ساڵە بە بەردەوامی وەرزشی لەشجوانی دەکەم بەبێ دابڕان؟

**رووداوی وەرزشی:** لە ماوەی ئەو 5 ساڵەدا بەشداری هیچ پێشبڕکێیەکی لەشجوانیت نەکردووە؟

**ژوان کەماڵ:** زۆرجار داوام لێکراوە، دووجاریش خۆم بۆی ئامادەکردووە، بۆ نمایشی ئافرەتانی لەشجوان لە سوێد، بەڵام هەندێک کێشەم هەبوو ئیدی رێکنەکەوت بەشداربم، بەڵام بەنیازم لە 2016 وەک کچێکی کورد بەشداربم لە پێشبڕکێی شاری یۆتۆبۆری.

**رووداوی وەرزشی:** ئەو پێشبرکێیە ساڵانە چەندجار دەکرێت؟

**ژوان کەماڵ:** ساڵێ دووجارە بۆ لەش گەورەیی و هەروەها بۆ جوانی و رێکوپێکی جەستە، بەڵام من بۆ لەش گەورەیی نایکەم، تەنیا بۆ رێکی لەش و جوانی لەش لەو پێشبڕکێیەدا بەشدار دەبم.

**رووداوی وەرزشی:** تۆ راهێنەرت هەیە رۆژانە لە کاتی وەرزشدا رێنمایت پێبدات؟

**ژوان کەماڵ:** سەرەتا راهێنەرم هەبوو، بەڵام ئێستا نیمە، خۆم بوومەتە راهێنەر و چەندین ژن رۆژانە وەرزشیان پێدەکەم. ساڵانە زیاتر لە 30 ژن لە ژێر دەستی من لەشیان رێک دەبێتەوەو بەشداری نمایشی پێشبرکێ و کاری ریکلامیش دەکەن.

**رووداوی وەرزشی:** باشە تەنیا بۆ رێککردنەوەی لەش تەنیا وەرزش پێویستە یان رێکخستنەوەی خواردنیش؟

**ژوان کەماڵ:** بەدڵنیاییەوە خواردن رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت بۆ ئافرەت، چونکە لەبەرئەوەی وەک پیاو نییە زۆر بجولێت، جگە لە وەرزشکردن پێویستە بیشزانێت چی دەخوات، بەهیچ شێوەیەک نابێت خواردنی چەور و شیرینی و نانی سپی بخوات. دەبێت زیاتر ئەو خواردنانە بخوات کە پرۆتینیان تێدایە وەک سپێنەی هێلکە و سینگی مریشک و ماسی.

**رووداوی وەرزشی:** تۆ لە فەیسبووک و ئەنیستاگرام وێنەکانی خۆتت بە نیمچە رووتی داناوە لە کاتی وەرزشدا، ئەوە هیچ کێشەی بۆ دروست نەکردووی؟

**ژوان کەماڵ:** زۆرجار کێشەی بۆ دروست کردووم، نامەم بۆ دەنێرن بۆ بەو شێوەیەیە وێنە دادەنێیت؟، بەڵام من گوێی پێنادەم، چونکە زۆرجار وێنەکانی من بوونەتە هۆی ئەوەی خەڵک حەز لە وەرزشکردن بکات و بیەوێت لەشی جوان بکات، زۆرجاریش خەڵک دەپرسن چی بکەن بۆ ئەوەی لەشیان جوان بکەن، منیش رێنماییان پێدەدەم و خشتەی خواردنیشیان پێدەدەم.

**رووداوی وەرزشی:** بۆ لە کوردستان کچان بەو شێوەیە مەیلیان بۆ وەرزشکردن نییە و نایانەوێت جەستەیان جوان بکەن؟

**ژوان کەماڵ:** دوو هۆکار هەیە، یەکەمیان ئەوەیە رەنگە کلتوورەکە رێگر بێت لە بەردەمیاندا، دووەمیش لەوانەیە شوێنێکی شیاو و راهێنەرێکی باش نەبێت تا بتوانن وەرزش بکەن و جەستەیان جوان بکەن.

**رووداوی وەرزشی:** ئەی تۆ بیرت لەوە نەکردووەتەوە بێیتەوە کوردستان و هۆڵێکی لەشجوانی بۆ ئافرەتان دابنێیت؟

**ژوان کەماڵ:** بەدڵنیاییەوە لە بەرنامەمدایە ئەو کارە بکەم، هۆڵێک دادەنێم باشترین ئامێری وەرزشی و خواردنەوەی وەرزشی بۆ لەشجوانی ئافرەتان دێنمە کوردستان بۆ ئەوەی ئافرەتانی ئێمەش وەک ئافرەتانی دونیا وەرزش ببێتە خویەکی بەردەوامیان و جەستەیەکی رێک و جوانیان هەبێت، چونکە ئەو خواردنانەی لێرە دەخورێن ئەگەر وەرزشی لەگەڵ نەکرێت جگە لەوەی زۆر قەڵەوت دەکات دەبێتە هۆی نەخۆشیش بۆ کەسەکە.



**رووداوی وەرزشی:** کۆمپانیاکان داوایان لێ نەکردوویت ریکلامیان بۆ بکەیت؟

**ژوان کەماڵ:** بەڵێ، زۆر داوایان لێکردووم، چەند ریکلامێکیشم کردووە بۆ رۆژنامە و تەلەڤزیۆنەکانی سوێد، هەروەها بۆ جلوبەرگ و ئەو دەرمانانەشم کردووە کە بۆ وەرزش بەکاردێن.

**رووداوی وەرزشی:** تۆ چی بە ئافرەتانی کوردستان دەڵێیت؟

**ژوان کەماڵ:** داوایان لێدەکەم وەرزش بکەن، لاشەیان رێک و جوان بکەن، ئەوکات لەبەرکردنی جلوبەرگ لەبەریاندا رێک دەوەستێت، هەروەها بۆ تەندروستیشیان زۆرباشە و دوور دەبن لە نەخۆشی.

ژوان کەماڵ:

دێمەوە کوردستان و هۆڵێکی لەشجوانی بۆ ئافرەتان دادەنێم

## قەیرانی دارایی رێگرە لە بەدیهێنانی ئاواتەکانی..

# یانەی خانزاد سامانێکی نیشتیمانییە

«ئەگەر پشتگیریمان بکەن دەتوانین ئەو یارییە ببەینە قۆناخێکی پڕۆفیشناڵتر»

**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

سەرۆکی یانەی وەرزشیی خانزاد بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند کە ئەوان بەهۆی قەیرانی داراییەوە دووچاری کۆمەڵێک گرفت بوونەو ناتوانن بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوە بکەن.

تیپی شەترەنجی یانەی خانزاد لەم ساڵانەی دواییدا گرنگییەکی زۆری بە یاریزانان و یاری شەترەنج داوە، لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر چەندین یاریزانی بۆ شارەکە پێگەیاندووە، کە دواڕۆژێکی باشیان لێ چاوەڕوان دەکرێت. بێجگە لەوەش ئەنجامی باشیان بەدەستهێناوە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و تەنانەت لە پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوەشدا. بەڵام وەک سەرۆکی ئەو یانەیە باسی دەکات، دوو ساڵە تیپەکەیان بەدەست گرفتێکی گەورەی داراییەوە دەناڵێنێت، سەرەڕای ئەوەش یاریزانانیان لەسەر گیرفانی خۆیان بەشداریان لە پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوەی وڵات کردووە.

دڵزار حەمە ساڵح، سەرۆکی یانەی شەترەنجی خانزاد، دەڵێت «قەیرانی دارایی وایلێنەکردووین دەست لە کردنەوەی خول و پاڵەوانیەتی بۆ یاریزانان و راهێنەران هەڵبگرین، دەمانەوێ رووبەڕووی ئەو قەیرانە ببینەوەو یاریزانان و راهێنەران بەردەوامی بدەن بە کارەکانیان بۆ بەردوام گەشەکردنی ئاستی یاری شەترەنج لە شاری هەولێر، کە بەڕاستی یانەکەمان سامانێکی نیشتیمانی گرنگە بۆ شارەکەمان».

ئاستی شەترەنج لە یانەی خانزاد گرنگی تەواوی پێدراوەو ئەنجامەکانیشیان لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان و دەرەوەش ئەو راستییە دەسەلمێنن «ئەنجامەکانمان بەڵگەن بۆ ئەوەی ئێمە گرنگی تەواومان بەم یارییە داوە».

سەرۆکی یانەی خانزاد، دان بەوەدا دەنێت کە سەرەڕای ئەوەی ئەوان لەبەردەم قەیرانی داراییدا چۆکیان دانەناوە، بەڵام کاریگەرییەکی زۆریشی کردووەتە سەر کارو چالاکییەکانیان «بێگومان قەیرانی دارایی کاریگەرییەکی زۆری کردووەتە سەر یانەکەمان. بەو هۆیەوە ئێمە ناتوانین راهێنەری نێودەوڵەتی لە دەرەوە بێنین. هەروەها ناتوانین بەشداری لە پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکاندا بکەین». هەروەها دەشڵێت «ئەمساڵ وەک ساڵانی پێشوو نەمانتوانی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی بکەینەوە، نەمانتوانی ناوبژیوانانی یانەکەمان بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی ناوبژیوانی و بەدەستهێنانی بڕوانامە بنێرینە دەرەوەی وڵات».

یاریزانانی ئەو یانەیەش لەگەڵ سەرۆکی یانەکەیان هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەگەر پشتگیری بۆ یانەکەیان هەبێت، دەتوانن کاری زۆر گەورە بکەن. وەک کاردۆ ئاکۆی یاریزانی ئەو یانەیە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئەگەر هاوکاری یانەکەمان بکرێت، دەتوانین کاری گەورە ئەنجام بدەین، بەداخەوە ئێمە لەسەر گیرفانی خۆمان بەشداری لە هەندێک پاڵەوانیەتی دەرەوە دەکەین و لەبەر نەبوونیش لە بەشداریکردنی زۆر لەو پاڵەوانیەتییانە بێبەش دەبین». هەروەها گوتیشی «ئێمە زۆر پێویستیمان بە راهێنەری بیانییە».

دیار حەمە ساڵح، بەرپرسی راگەیاندنی یانەکەش، خەمی ئاستی ناوبژیوانانە و دەڵێت «پێویستمان بەوەیە خولی بەهێزکردنی ئاستی ناوبژیوانانمان بۆ بکەنەوە، ئەوەش پێویستی بەتوانایەکی دارایی باش هەیە، کە لە راستیدا ئەگەر باری داراییمان باش بێت، دەتوانین ئاستی ئەم یارییە ببەینە قۆناخێکی پرۆفیشناڵتر».

### بەشێک لە چالاکییەکانی ئەمساڵی یانەکە

- * کردنەوەو بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی رابیت لەسەر ئاستی هەولێر.
- * چوونی شاندی یانەکە بۆ ئێران بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی خەزەر.
- * تۆمارکردنی ناو و مێژووی کوردستان لە کتێبی ئانفور میتر لەلایەن یانەی خانزادەوە.
- * سەردانیکردنی یانەکە لەلایەن دیمیتار گراگونیفی سەرۆکی بەشی ئابووری کونسلی بولگاریا لە هەولێر.
- * کردنەوەو ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی شەترەنجی خێرا لە هەولێر.
- * کردنەوەی پاڵەوانیەتییەکی دیکەی شەترەنجی خێرا، بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یانەکە.
- * کرنەوەی خولێکی فێربوون بۆ یاریزانان.
- * کردنەوەی خولی فێربوون لە قوتابخانەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە لەلایەن مامۆستا پسپۆڕەکانی یانەی شەترەنجی خانزاد و بە هاوکاری وەزارەتی پەروەردە.
- * کردنەوەی پاڵەوانیەتی شەترەنجی داخراو بۆ یاریزانانی دەرچووی خولی فێربوون.
- * بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق لە یاری تاک، لەلایەن دوو یاریزانی یانەکەوە.
- * کردنەوەی پاڵەوانیەتی شەترەنجی نەورۆز (رابیتی نێودەوڵەتی)، کە گرنگترین پاڵەوانیەتییە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.
- * بەدەستهێنانی پلەی سێیەم لە پاڵەوانیەتی جامی عێراق.
- * کردنەوەی خولێکی فێربوونی شەترەنج بۆ منداڵان.
- * دەرچوونی یەکەم گۆڤاری تایبەت بە شەترەنج لەلایەن یانەکەوە، کە گۆڤارێکی وەرزییە بە زمانی کوردی و عەرەبی ئینگلیزی دەردەچێت.
- * سێیەمین پاڵەوانیەتی کلاسیکی نێودەوڵەتی بەسەرپەرشتی یانەکە لە هۆڵی یانە کرایەوە.
- * کردنەوە و سەرپەرشتیکردنی چەندین خولی پێگەیاندن و ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی دیکە.



ڕووداو وەرزشی
ژمارە (380) سێشەممە 2015/12/22



## ڕاستدەکات

پۆل مێرسۆن، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین نووسەرانی بەریتانی لە بواری وەرزش، لە وتارێکدا پشتگیری لە خۆزێ مۆرینیۆی ڕاهێنەری لەکارلادراوی یانەی چێڵسی دەکات کە گوتبووی «یاریزانەکانمان خیانەتم لێدەکەن». ئەو لە وتارەکەیدا نووسیویەتی «مۆرینیۆ ڕاستدەکات، لە یاری چێڵسی و لیستەر سیتیدا دەرکەوت یاریزانەکانی بە ئەنقەست یاری ناکەن، مۆرینیۆ گوتی بە یاریزانەکانم گوتووە ڕێگەنەدەن ریاز محرز لەنێو هێڵسی سزادا یاریتان پێبکات، ئێزبلیکویتاش دانی بەوەدانا کە مۆرینیۆ بەر لە یارییەکە ئەوەی پێگوتوون، کەچی هەموویان ڕاوەستا بوون سەیری محرزیان دەکرد چۆن گۆڵیان لێدەکات».

لەبەر لێدوانە ئاگرینەکانی، زۆر کەس بە دەرکردنی مۆرینیۆ دڵخۆشن..

# «لە فێرگسۆن ناترسم تەنیا لە پەسیوی سکۆتلەندی دەترسم»



**ڕووداوی وەرزشی - MU4**

لەوانەیە زۆر کەس بە لادانی مۆرینیۆ لە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی مەشقەکانی یانەی چێڵسی ئینگلیزی دڵگران بن، بەهۆی ئەو مێژووە پڕ لە دەستکەوتەی ئەو ڕاهێنەرە لە کاروانی وەرزشیی خۆیدا تۆماریکردووە. بەڵام لە هەمان کاتدا زۆریشن ئەوانەی بەو بڕیارەی ئیدارەی چێڵسی دڵخۆشن، بەتایبەتیش ئەو ڕاهێنەر و یاریزانانەی هەمیشە وەک نێچیرێک کەوتوونەتە داوی لێدوانە ئاگرینەکانی مۆرینیۆ.

### (ڕووداوی وەرزشی) سەیرترین و توندترین 9 لێدوانی «سپێشەڵ وەن» دێنێتەوە یاد:

1 - لە بارەی کلاودیۆ ڕانیێری «من زمانی ئیتاڵیم خوێند و ڕۆژانە بۆ ماوەی 5 کاژێر پرۆڤەم لەسەر ئەو زمانە دەکرد بۆ ئەوەی بتوانم قسە لەگەڵ یاریزانانی ئینتەرمیلاندا بکەم، ڕانیێری 5 ساڵ لە ئینگلتەرا بوو کەچی نەیدەتوانی بە ئینگلیزی بڵێت بەیانی باش».

2 - لە وەڵامی ئەو هێرشەی کە لۆ مۆناکۆی سەرۆکی یانەی کاتانیا کردبوویە سەری «مۆناکۆ کێیە؟ من گوێم لە پێشبڕکێی مۆناکۆ و مۆناکۆ جی پی و ئیمارەتی مۆناکۆ بووە، بەڵام نەمزانیوە کەسێک هەبێت بە ناوی مۆناکۆ».

3 - یۆهان کرۆیێف، گوتبووی کە «مۆرینیۆ دەیەوێت پشت بە بەهرە خۆماڵییەکان ببەستێت و یارییەکی جوانیش پێشکەش بکات، ئەوەش ناکرێت»، خۆزێ لە وەڵامیدا گوتی «کرۆیێف بیر لە تیمی خەونەکان دەکاتەوە، بەڵام بە گوێرەی تێگەیشتنی ساڵانی نەوەدەکان، با ئەوەش لە یاد نەکات کە ئەو شانبەشانی بەهرە خۆماڵییەکان چەندین پاڵەوانیەتی بەدەستهێناوە».

4 - لە بارەی ڕاهێنەرە نەیارەکانی «ئەوانە بۆچی ڕەخنە لە من دەگرن؟ هۆکارەکەی ئەوەیە کە دەیانەوێ لە ڕۆژنامەکانی سبەینێدا لە لاپەڕەی یەکەمدا دەربکەون و ئەوەش باشترین ڕێکلامە بۆیان».

5 - ئەوکاتەی کە مانچستەر یونایتد لە چێڵسیی یەکەمی ڕیزبەند نزیک کەوتەوەو جیاوازییەکەیان بووە تەنیا 7 خاڵ، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا باس لەوە کرا کە مۆرینیۆ ئێستا لە ژێر فشاردایە، ئەویش گوتی «لە ڕاستیدا فشارەکە بریتی نییە لە ئەلێکس فێرگسۆن، بەڵکو بریتییە لە پەسیوێک کە لە سکۆتلەنداوە خەریکە بۆمان دێت بۆیە من یاریزانەکانم دەمامکی باش دەپێچین، ئێوە بە قسەکەم پێدەکەنن، بەڵام من بەڕاستیمە».

6 - لە بارەی ئارسن فینگەر «گومان لەوەدا نییە کە من ئەگەر دەستکەوتم نەبێت ڕێگەم پێنادەن لە پۆستەکەمدا بمێنمەوە، دەمەوێ لە فینگەر فێربم چۆن ئەو هەموو ساڵە ماوەتەوە بێ ئەوەی هیچ دەستکەوتێکی هەبێت».

7 - کرۆیێف گوتبووی مۆرینیۆ کەسێکی بێزارکارەو تەنیا ئەنجامی یارییەکەی بەلاوە گرنگە، خۆزێش دەڵێت «بە داخەوە نامەوێت کرۆیێف فێری ئەوەم بکات کە چۆن لە یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگدا دا وەک تیپەکەی ئەو بە ئەنجامی 4 - 0 دەدۆڕێم».

8 - لە 2009 پرسیاری ئەوە لە مۆرینیۆ کرا کە لە نێوان ئەنچیلۆتی و فێرگسۆندا کامەیان باشترە، لە وەڵامدا گوتی «هەردووکیان ڕاهێنەری ناوازەن، بەڵام قەت ئەوە ڕووینەداوە فێرگسۆن لە یارییەکی کۆتاییدا 3 - 0 لە پێش بێت و بشدۆڕێنێت».

9 - ئینێستا گوتبووی کە مۆرینیۆ زیانی بە تۆپی پێی ئیسپانی گەیاندووە، ئەویش لە وەڵامدا گوتی «بەڵێ، زیانم پێیگەیاند، چونکە ڕێگەم نەدا چیدی بارسێلۆنا تاکە باڵادەست بێت».

بۆ خۆزێ لە چێڵسی دەرکرا..

# مۆرینیۆ قسەی لەگەڵ 8 یاریزانی نەدەکرد

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

بەو پێیەی دەرکردنی خۆزێ مۆرینیۆی ڕاهێنەری پورتوگالی لە مەشقەکانی یانەی چێڵسی ئینگلیزی یەکێک بوو لە دیارترین پرسە وەرزشییەکانی هەفتەی ڕابردوو، میدیای وەرزشیی جیهانیش زۆرترین بایەخ و بەدواداچوونی بۆ کردو لە ئەنجامدا هەندێک نهێنی پشت پەردە ئاشکرابوون.

> «شیڤشینکۆ لەدژی مۆرینیۆ سیخوڕی لەناو ژووری جلگۆڕینی چێڵسی دانابوو»

### سەندەرلاند بەڵگەیە

بە گوێرەی ڕۆژنامەکانی بەریتانیا، ڕۆمان ئەبرامۆڤیچی سەرۆکی چێڵسی مۆرینیۆی زۆر خۆشدەویست و نەیدەویست لە یانەکەی دەربکات، بەڵام دواجار ناچاربوو ئەو کارە بکات، چونکە بارودۆخی نێوان مۆرینیۆ یاریزانەکانی گەیشتبووە ئەوپەڕی خراپی، تا ئەو ڕاددەیەی کە قسەکردن لەنێوانیاندا نەمابوو، بۆیە مۆرینیۆ ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە پیلانێک لەدژی ئەو لە ئارادایەو گوتی «یاریزانەکانم خیانەت و ناپاکیم لەگەڵ دەکەن». ئەو مەبەستی ئەوەبوو کە یاریزانەکانی بە ئەنقەست یاری ناکان بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی خراپ بن و ئیدارەی چێڵسی ناچار بکەن مۆرینیۆ دەربکەن.

ئەوانەی لایەنگری مۆرینیۆن، قسەکانی ئەو ڕاهێنەرە بە ڕاست دەزانن و دەڵێن «بەڵگەش یاری چێڵسی و سەندەرلاندە، کە یاریزانەکانی بە بێ مۆرینیۆ یارییەکی باشیان کردو بە 3 - 1 بردیانەوە».

### ژووری جلگۆڕین وەک نۆرینگە بوو

بەپێی ئەو سەرچاوانە مۆرینیۆ لە دەرەوەی یاریگە قسەی لەگەڵ زۆربەی یاریزانەکانی نەدەکرد، ئەوانیش بەهەمان شێوە حسابیان بۆ ڕاهێنەرەکەیان نەدەکرد. کە بریتی بوون لە هەریەک لە ئیدین هازارد، جۆن تێری، دییێگۆ کۆستا، پێدرۆ ڕۆدریگز، کاهیل، ئیزبیلیکویتا، ماتیچ و ئۆسکار.

تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەو ڕاددەیەی سەرچاوەیەکی نزیک لە ژووری جلگۆڕینی چێڵسی ئاشکرایکردووە کە ئەو یاریزانانە هێندە نێوانیان لەگەڵ مۆرینیۆ خراپ بووە، بێجگە لەو کاتانەی کە مۆرینیۆ دوای هەر دۆڕانێک شەڕی پێدەفرۆشتن و قسەی ناشیرینی پێدەگوتن، لە کاتەکانی دیکەدا کەس قسەی لەگەڵ کەس نەدەکرد، تا ئەو ڕاددەیەی ژووری جلگۆڕین وەک نۆرینگەی پزیشک کڕ و بێدەنگ ببوو.

### گریانی شەرەف

ئەوانەی نزیکن لە مۆرینیۆ دان بەوەدا دەنێن کە ئەوکاتەی ئیدارەی چێڵسی مۆرینیۆی لەوە ئاگادار کردووەتەوە، کە لەسەرکار لادراوە، مۆرینیۆ گریاوە، بەڵام دەشڵێن «هۆکاری گریانی مۆرینیۆ لەبەرئەوە نەبووە کە کاریگەر بووە بە دەرکردن، بەڵکو لەبەرئەوە گریاوە کە هەستی بە خیانەت کردووە». ئەوان دەڵێن «مۆرینیۆ بۆ ئەوە گریا کە هەندێک لە یاریزانانی لەپشتەوە خەنجەری ژەهراویان لێدا». هەروەها دەشڵێن «فرمێسکەکان ئەو فرمێسکی شەرەفن».

خودی مۆرینیۆش لەدوای دەرکردنی، ڕاشکاوانە گوتی «بەداخەوە یەکەمجارە من بێ ویستی خۆم لە یانەیەک دەربکرێم».

### بەلجیکییەکانیش پشتیوانینە

هەرچەندە بەلجیکییەکان ئیدین هازاردی یاریزانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان زۆر خۆشدەوێ، بەڵام شایەتی ئەوە بۆ مۆرینیۆ دەدەن کە هازارد فێڵی لێکردووە. بۆ نموونە لە ڕاپۆرتێکی تایبەتی ئۆرۆ سپۆردا هاتووە «ئەستێرەی بلوز، ئیدین هازارد لە دوایین یاری یانەکەی (کە مۆرینیۆ ڕاهێنەر بێت)، بەرامبەر لیستەر سیتی لە پریمەرلیگ، کە بە دۆڕانی چێڵسی تەواو بوو، بە ئەنقەست وای نیشانداوە تووشی پێکان بووە، چونکە دوای پشکنینەکان دەرکەوتووە باری تەندروستی باشە و تووشی پێکان نەبووە».

ئەمە لە کاتێکدایە کە باوکی هازارد بە توندی داکۆکی لە کوڕەکەی کردو گوتی «هازارد بە ئەنقەست ئەو کارەی نەکردووە، چۆن وا گومان دەکەن هازارد لە یارییەکی وا گرنگدا ئەو کارە بکات؟ ئێوە کوڕەکەم باش دەناسن، ئەو حەزدەکات لە هەموو یارییەک یاری بکات، بەڵام بەرامبەر لیستەر سیتی لەبەر ئازار نەیتوانی یارییەکە تەواو بکات».

### شیڤشینگۆ تۆڵەی لە مۆرینیۆ کردەوە

ماڵپەڕی کالچیۆ میرکاتۆ، نهێنییەکی گەورەتر ئاشکرادەکات و ڕایدەگەینێت کە ئەندرێ شیڤشینکۆی یاریزانی ئۆکرانی پێشووی یانەی چێڵسی هۆکاری دەرکردنی مۆرینیۆ بووە، چونکە ئەو قەرزێکی کۆنی لەگەڵ مۆرینیۆ هەبووەو بە دەرفەتی زانیوە تۆڵەی خۆی لێبکاتەوە.

بەگوێرەی ئەو ماڵپەڕە شیڤشینکۆ ئەوکاتەی لە میلانی ئیتاڵییەوە پەیوەندی بە چێڵسییەوە کردووە، مۆرینیۆ ڕاهێنەری بوو، حەزی لە شیڤشینکۆ نەبوو، بۆیە زۆربەی کاتەکان لەسەر کورسی یەدەگی دەهێشتەوە تاوەکو شیڤشینکۆ بەناچاری گەڕایەوە میلان و نووسیویەتی «ڕۆمان ئەبرامۆڤیچی سەرۆکی چێڵسی شیڤشینکۆی زۆر خۆشدەوێت و کردوویەتی بە ڕاوێژکاری خۆی، بۆیە شیڤشینکۆ ئەبرامۆڤیچی ڕازی کرد کە مۆرینیۆ دەربکات». هەروەها ئەو ماڵپەڕە دەشڵێت «تەنانەت شیڤشینکۆ سیخوڕیشی لە ژووری جلگۆڕینی چێڵسی دانابوو، بۆ ئەوەی هەموو شتێک لەبارەی مۆرینیۆ بزانێت و بگەیەنێتە ئەبرامۆڤیچ». تەنانەت وەک ئەو ماڵپەڕە نووسیویەتی «شیڤشینکۆ بەئەنقەست یاریزانانی چێڵسی هاندەدات نێوانیان لەگەڵ مۆرینیۆ تێکبدەن و لە کاتی یاریکردنیش کەمتەرخەمی بکەن».

> «مۆرینیۆ دوای هەر دۆڕانێک شەڕی بە یاریزانەکانی دەفرۆشت و قسەی ناشیرینی پێدەگوتن»

> «ژووری جلگۆڕینی چێڵسی وەک نۆرینگەی پزیشک کڕ و بێدەنگ ببوو»





ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پڵەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەڕی "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێك بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێك کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێك دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پڵەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411

korektel.com

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

خولی عێراق
سێشەممە 22/12/2015
02:00
جەویە - هەولێر

جامی تورکیا
چوارشەممە 23/12/2015
02:00
دیاربەکر - شارەوانی ئیستەنبوڵ

یاری دۆستانە
چوارشەممە 23/12/2015
05:00
نەیجر - کامیرۆن

خولی ئینگلتەرا
شەممە 26/12/2015
03:45
ستۆک سیتی - مانچستەر یونایتد

## خولی ئیسپانیا (ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بارسێلۆنا | 35 |
| 2 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 35 |
| 3 - ریال مەدرید | 33 |
| 4 - سێلتاڤیگۆ | 31 |
| 5 - ڤیارڕیال | 30 |
| 6 - دیپۆرتیڤۆ | 26 |
| 7 - ئەتلەتیک بلباو | 24 |
| 8 - سڤیلیا | 23 |
| 9 - ڤالنسیا | 22 |
| 10 - ئیبار | 21 |
| 11 - ریال بیتیس | 20 |
| 12 - ئیسپانیۆل | 20 |
| 13 - مەلەگە | 17 |
| 14 - ریال سۆسیداد | 16 |
| 15 - گیتافی | 16 |
| 16 - خیخۆن | 15 |
| 17 - گرانادا | 14 |
| 18 - رایۆ ڤالیکانۆ | 14 |
| 19 - لاس پالماس | 13 |
| 20 - لیڤانتی | 11 |



| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - نیمار | بارسێلۆنا | 14 |
| 2 - سوارێز | بارسێلۆنا | 13 |
| 3 - رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 12 |
| 4 - ئیمانوێل | ریال سۆسیداد | 12 |
| 5 - مارتینێز | دیپۆرتیڤۆ | 12 |

* ئـەم خولە تاوەکو 2015/12/30 دەوەستێت.

## خولی ئینگلتەرا ( هەفتەی 18)

شەممە 2015/12/26

| | |
|---|---|
| ستۆک سیتی - مانچستەر یونایتد | 03:45 |
| بۆرنیمۆس - کریستال پالاس | 06:00 |
| ئەستۆن ڤێلا - وێستهام | 06:00 |
| چێلسی - واتفۆرد | 06:00 |
| لیڤەرپوول - لیستەر سیتی | 06:00 |
| مانچستەر سیتی - سەندەرلاند | 06:00 |
| سوانزی سیتی - وێست برۆمیچ | 06:00 |
| تۆتنهام - نۆرویچ سیتی | 06:00 |
| نیوکاسڵ - ئێڤەرتۆن | 08:30 |
| ساوسهامتۆن - ئارسناڵ | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - لیستەر سیتی | 38 |
| 2 - ئارسناڵ | 33 |
| 3 - مانچستەر سیتی | 32 |
| 4 - تۆتنهام | 29 |
| 5 - مانچستەر یونایتد | 29 |
| 6 - کریستال پالاس | 29 |
| 7 - واتفۆرد | 28 |
| 8 - وێستهام | 25 |
| 9 - لیڤەرپوول | 24 |
| 10 - ئێڤەرتۆن | 23 |



| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ڤاردی | لیستەر سیتی | 15 |
| 2 - لۆکاکۆ | ئێڤەرتۆن | 13 |
| 3 - ریاز | لیستەر سیتی | 13 |
| 4 - ئۆدیۆن | واتفۆرد | 12 |
| 5 - جیرۆ | ئارسناڵ | 9 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (ئارسناڵ - مانچستەر سیتی) دانراوە.

## خولی ئیتاڵیا (ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ئینتەرمیلان | 36 |
| 2 - فیۆرەنتینا | 35 |
| 3 - ناپۆلی | 35 |
| 4 - یوڤانتۆس | 33 |
| 5 - رۆما | 32 |
| 6 - میلان | 28 |
| 7 - ساسۆلۆ | 27 |
| 8 - ئیمپۆلی | 27 |
| 9 - ئاتالانتا | 24 |
| 10 - کیێڤۆ | 23 |
| 11 - تۆرینۆ | 22 |
| 12 - ئۆدینێزی | 22 |
| 13 - سامپدۆریا | 21 |
| 14 - لازیۆ | 20 |
| 15 - بۆلۆنیا | 19 |
| 16 - پالێرمۆ | 18 |
| 17 - جەنەوا | 16 |
| 18 - فرۆزینۆنی | 14 |
| 19 - کارپی | 10 |
| 20 - ڤیرۆنا | 8 |



| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - هیگواین | ناپۆلی | 16 |
| 2 - مارتینز | سامپادۆریا | 10 |
| 3 - کالینیچ | فیۆرەنتینا | 10 |
| 4 - دیبالا | یوڤانتۆس | 8 |
| 5 - ئینسینی | ناپۆلی | 7 |

* ئەم خولە تاوەکو 2016/1/6 دەوەستێت.

## خولی ئەڵمانیا (ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 46 |
| 2 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 38 |
| 3 - هێرتا بەرلین | 32 |
| 4 - مونشنگلادباخ | 29 |
| 5 - بایرلیڤەرکۆزن | 27 |
| 6 - شالکە | 27 |
| 7 - فۆلفسبۆرگ | 26 |
| 8 - ماینز | 24 |
| 9 - کۆڵن | 24 |
| 10 - هامبۆرگ | 22 |
| 11 - ئینگۆلشتات | 20 |
| 12 - ئوگسبۆرگ | 19 |
| 13 - دارمشتات | 18 |
| 14 - فرانکفۆرت | 17 |
| 15 - شتۆتگارت | 15 |
| 16 - ڤێردەربریمەن | 15 |
| 17 - هانۆڤەر | 14 |
| 18 - هۆفنهایم | 13 |



| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 18 |
| 2 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 15 |
| 3 - مۆلەر | بایرن میونشن | 14 |
| 4 - چیچاریتۆ | بایرلیڤەرکۆزن | 11 |
| 5 - کالۆ | هێرتا بەرلین | 9 |

* ئەم خولە تاوەکو 2016/1/22 دەوەستێت.

## خولی فەرەنسا (ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - پاریس سانجێرمان | 51 |
| 2 - مۆناکۆ | 32 |
| 3 - ئەنجی | 31 |
| 4 - کان | 30 |
| 5 - نیس | 29 |
| 6 - سانت ئیتیان | 29 |
| 7 - رین | 27 |
| 8 - لۆریان | 26 |
| 9 - لیۆن | 26 |
| 10 - مارسیلیا | 25 |
| 11 - لیل | 24 |
| 12 - ئەجاکسیۆ | 24 |
| 13 - نانت | 24 |
| 14 - بۆردۆ | 23 |
| 15 - مۆنپێلیە | 22 |
| 16 - باستیا | 22 |
| 17 - ریمس | 21 |
| 18 - گانگۆن | 19 |
| 19 - تۆلۆز | 17 |
| 20 - تروا | 8 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 15 |
| 2 - موکاندچۆ | لۆریان | 11 |
| 3 - پاتشوای | مارسیلیا | 11 |
| 4 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 10 |
| 5 - بن عەرەفە | نیس | 7 |

* ئەم خولە تاوەکو 2016/1/8 دەوەستێت.

## 74 نازناوی فەرمیان بردووەتەوە..

# بارسا و مێسی شای جیهانن

«مێسی تاکە یاریزانە لە مێژوودا لە یەک ساڵدا لە 7 خول و پاڵەوانیەتی جیاوازدا گۆڵ تۆماربکات»

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

بـە بردنەوە لـە یانەی ریڤەرپلەیتـی ئەرجەنتینی، لە یـاری کۆتایی مۆندیالـی یانەکانی 2015، بە 3 گۆڵی بێبەرامبەر، بووە جاری سـێیەم یانەی بارسـێلۆنای ئیسـپانی ئەو نازناوە بباتەوە. بەمەش بووە خاوەن زۆرترین نازناوی کیشوەری لەسەر ئاستی هەموو جیهان.

بارسا بە بردنەوەی ئەم نازناوە بووە خاوەنی 22 نازناوی کیشوەری. هەریەک لە ریال مەدریدی ئیسـپانی، ئەی سـی میلانی ئیتاڵی و ئەهلی میسریش لەدوای ئەو بە پلەی دووەم دێن، کە هەریەکێکیان 20 نازناوی هەیە. بۆکاجۆنیۆرزی ئەرجەنتینی بە 18 نازناو لە پلەی سێیەم دێت.

## 74 نازناوی فەرمی و 14 نافەرمی

بارسـا ئێسـتا خاوەنـی 74 نازناوی فەرمییـە، واتە ئـەو نازناوانەی لەلایـەن فیفاوە دانیان پێدانراوە. 27 نازناوی جامی شـای ئیسـپانیا و 23 نازنـاوی لیگای بردووەتەوە. هەروەها 5 نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانـی ئەوروپا و 11 جامی سـوپەری ئیسـپانیا و 5 جامـی سـوپەری ئەوروپا و 3 نازناوی مۆندیالی یانەکانی بردووەتەوە.



بارسا 14 نازناویشی بردووەتەوە، کە ئێسـتا ئـەو خـول و پاڵەوانیەتییانە نەماون. لەوانەش 4 جامی یانەکانی ئەوروپا، 3 جامی پیشـانگاکان، کە دواتـر بووە خولی ئەوروپا. 2 نازناوی جامی لیگا. 3 نازناوی ئیڤا دۆراتی و 2 جامی لاتینا.

## مێسیش بێ ڕکابەرە

لیۆنێـل مێسـی، بە بـێ ڕکابەر شـایەنی نازناوی شای یارییەکانی کۆتاییە، کە تاوەکو ئێستا لەگەڵ بارسێلۆنا بەشداری لە 20 یاری کۆتایی کردووە، تیایاندا بەشداری لە 19 گۆڵ هەبووە (15 گۆڵی تۆمارکردووەو 4 گۆڵیشی دروستکردووە).

هەروەهـا مێسـی بـووە یەکـەم یاریـزان لـە مێژوودا کە لە یەک سـاڵدا لـە 7 خول و پاڵەوانیەتـی جیـاوازدا گـۆڵ تۆماربـکات، هەروەهـا تاکـە یاریزانـە لە مێـژوودا لە 6 خولی و پاڵەوانیەتی جیاوازدا دووجار گۆڵ تۆماربکات.

ئەوە یاری 499 مێسی بوو لەگەڵ بارسا، کە 350 جار بردنەوەی بەدەستهێناوە.

گرنگترین یارییەکانی هەفتە

خولی ئینگلتەرا
شەممە 26/12/2015
06:00
لیڤەرپوول - لیستەر سیتی

خولی ئینگلتەرا
شەممە 26/12/2015
06:00
مانچستەر سیتی - سەندەرلاند

خولی ئینگلتەرا
شەممە 26/12/2015
10:45
ساوسهامتۆن - ئارسناڵ

خولی تورکیا
یەکشەممە 27/12/2015
03:00
بۆرساسپۆر - مێرسین

KOREK

روودلو وەرزشی
ژمارە (380) سێشەممە 2015/12/22



**90**

ئەکسێل تۆریسی ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ، بە رادیۆی کادینا سیری بەریتانی ڕاگەیاند، نرخی نوێی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی 90 ملیۆن یۆرۆیەو گوتی «ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ئیدارەی ریال مەدرید بەجدی بیر لە چارەنووسی ڕۆناڵدۆ بکاتەوە، ئەگەر بیەوێ دەستبەرداری بێت، ئەوا نرخی ئێستای 90 ملیۆن یۆرۆیە، ئەگەریش رازی نییە تا کۆتایی ماوەی گرێبەستەکەی دەستبەرداری بێت، ئەوکات ناچارە بە خۆڕایی بداتە یانەیەک، چونکە ڕۆناڵدۆ بەنیاز نییە گرێبەستەکەی لەگەڵ ریال مەدرید نوێ بکاتەوە».



ئیحسان تاهیر

# بینیتێز دەرمەکەن

لە ژمارەی پێشووداو هەر لەم گۆشەیەدا، (ڕێبوار محەممەد)ی هاوکارمان لە وتارێکدا بە مانشێتی «بینیتێز دەرکەن» باسی ڕەوشی ئێستای ریال مەدریدی کردبوو. تێیدا هۆکارەکانی ئەو بارودۆخە خراپەی شیکردبووەوە، کە ریال مەدرید ئێستا پێیدا تێپەڕ دەبێت و چارەسەریەکەیشی لە دەرکردنی رافا بینیتێزدا دەبینێت، کە پێیوایە ئەو ڕاهێنەرێکی گونجاو نییە بۆ یانەی شاهانەو تەنانەت دەڵێت «رافا نازانێت یاری بە یاریزانەکانی بکات».

من، کە لە زۆربەی هۆکارەکانی ئەو کێشانەی ئێستا ڕوبەڕووی ریال مەدرید بوونەتەوە، هاوڕای ڕێبوارم، بەڵام لە بارەی چارەسەرییەکەوە دەڵێم «بینیتێز دەرمەکەن»، بەڵکو «پیرێز دەربکەن»، چونکە ئەگەر بتەوێ هەر کێشەیەک چارەسەر بکەی پێویستە یەکەمجار هۆکاری سەرەکی چارەسەر بکەی ئینجا هۆکارە نا سەرەکییەکان.

ئاخر بینیتێز باش بێت یان خراپ، ئەوە پیرێز بوو قسەی هەموو لایەکی لە دیواردا و سووربوو لەسەر هێنانی بینیتێز بۆ شوێنی کارلۆ ئەنچیلۆتی، کە بە شایەتی هەموو چاودێران دەرکردنی ئەو گەورەترین هەڵەی ئەو سەرۆکە بوو، کە پێشتر بە عاقڵترین سەرۆک یانە دەناسرا، بەڵام وادیارە بەمدواییە گەورەیی تەمەن کاری لێکردووەو زۆرجار تووشی هەڵەی گەورە دەبێت، وەک ئەوەی ئێستاش سوورە لەسەر ئەوەی کەس لە بینیتێز گونجاوتر نییە بۆ ڕاهێنەرایەتی ریال مەدرید.

پیرێز ئەو سەرۆکە بوو کە هەمیشە سەخی و دەستکراوە بوو بۆ یانەکەی، ڕاهێنەر هەر ئەستێرەیەکی ویستبا بە هێزی پارە لە چنگی هەر یانەیەکی دەردەهێنا، تەنانەت ئەگەر بارسای ڕکابەریشی بوایە. بەڵام کێشەی ئەو ئێستا لەوەدایە کە بەشێوەیەک پەیوەست بووە بە یانەکەی دەیەوێ دەستبخاتە نێو کاروباری هەموو لایەک، تەنانەت چەندینجار ڕۆژنامەکانی مەدرید ئاشکرایانکردووە کە دەست خستنە نێو کاروباری ڕاهێنەر لەلایەن پیرێزەوە گەیشتووەتە ڕاددەیەک کە هەندێجار دەست دەخاتە نێو پێکهاتەی یانەکەیشی و ڕاهێنەر ناچار دەکات یاری بە هەندێک یاریزان بکات و بە هەندێکی دیکە نەکات.

کە بەڕای من ئەوە کۆتایی کارەستەکەیە، واتە هەر کاتێ سەرۆک یانەیەک هەموو ماف و دەستەڵاتەکانی بەخۆی دا، دەست لەو یانەیە بشۆن کە ئەو سەرۆکایەتی دەکات. باشترین نموونەش یانەی میلانی ئیتاڵییە، کە سەردەمێکی زۆر گەورەی ئەورووپا بوو، بەڵام لەو کاتەوەی سیلڤیۆ بێرلسکۆنی سەرۆکی، سەری لێشێواو دەستی خستە نێو هەموو شتێکی یانەکەی، هێدی هێدی ئەو یانەیە بەرەو بچووک بوونەوە چوو، تاوەکو گەیشتە حاڵی ئێستای، کە ئەگەر لەبەر مێژوویەکەی نەبێت، کەس حسابی تیپێکی میللیشی بۆ ناکات.

کەواتە بەڕای من ئەگەر مەدریدییەکان بیانەوێ یانەکەیان لە کارەساتێک، کە ئێستا لە دەرگایان دەدات، ڕزگار بکەن، پێویستە بەرلە هەموو شتێک سەرۆکەکەیان لاببەن، کە پێشتر سەرۆکێکی دەسکراوەو عاقڵ بوو، ئێستاش سەرۆکێکی خەلەفاو و سەرلێشێواوە.

وادیارە مەدریدییەکانیش درکیان بەو ڕاستییە بردووە، چونکە بۆ جاری یەکەمە هاندەران داوای دەستلەکارکێشانەوەی پیرێز دەکەن، بۆ جاری یەکەمیشە ئەنجوومەنی کارگێڕی یانەی شاهانە بەبێ پیرێز کۆببێتەوە، کە بەپێی سەرچاوە نزیکەکانی ئەو یانەیە، ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە دەیانەوێ لێپرسینەوە لە سەرۆک بکەن و تەنانەت ئەگەر پێویست کرا ناچاری بکەن دەست لەکار بکێشێتەوە.

من پێیاندەڵێم «زۆریش پێویست دەکات و تاکە چارەسەری یانەکەتان دەرکردنی پیرێزە». کە بەمدواییە پزیشکانیش داوایان لە کوڕەکانی پیرێز کردووە، باوکیان ڕازی بکەن لە بواری تۆپی پێ دووربکەوێتەوە، چونکە بە قسەی ئەوان بێت پیرێز بەشێوەیەکی هێندە دەمارگیر مامەڵە لەگەڵ تۆپی پێ دەکات، مەترسی لەسەر تەندروستی و تەنانەت لەسەر ژیانیشی دروست بووە.

کەواتە دەرکردنی پیرێز واتە ژیانەوەی ریال مەدرید و ڕزگاربوونی خودی سەرۆکیشە لە مردن.


لە یۆرۆی 2016دا..

# ئیسپانیا گرانترین هەڵبژاردەی ئەورووپایە

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

دەزگایەکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەکانی بواری ئابووری وەرزشی، ڕایگەیاند کە لەنێو سەرجەم هەڵبژاردە بەشداربووەکانی جامی نەتەوەکانی ئەورووپای 2016دا، کە لە فەرەنسا بەڕێوەدەچێت، هەڵبژاردەی ئیسپانیا گرانترینیانە لە ڕووی نرخی یاریزانەکانی.

دەزگای ترانسفەر مارکێت، لێکۆڵینەوەیەکی بەسەر هەڵبژاردە بەشداربووەکانی یۆرۆی 2016دا ئەنجامداوە، بۆ ئەوەی بەهای نزیککراوەی یاریزانەکانی هەر هەڵبژاردەیەک بزانێت و بەپێی ئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەرکەوتووە هەڵبژاردەی ئیسپانیا خاوەن بەرزترین بەهای بازاڕە. بەهای یاریزانەکانی لاڕۆخا 568 ملیۆن یۆرۆیە، ئەمەش ئەنجامێکی ئاساییە، بەو پێیەی زۆربەی یاریزانەکانی ئەستێرەی یانەکانی بارسێلۆنا و ریال مەدریدی ئیسپانی و مانچستەر یونایتد، ئارسناڵ، مانچستەر سیتی و چێڵسی ئینگلیزین، کە ئەو یانانە پارە و مووچەیەکی زۆر بە یاریزانەکانیان دەدەن. هەڵبژاردەی بەلجیکا لە پلەی دووەم دێت و بەهای یاریزانەکانی 434.4 ملیۆن یۆرۆیە. هەڵبژاردەی فەرەنسا لە پلەی سێیەم دێت و بەهای یاریزانەکانی 412 ملیۆن یۆرۆیە. لەسەر ئاستی یاریزانانیش هەمان دەزگا دووپاتیدەکاتەوە، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی هەڵبژاردەی پورتوگال گرانترین یاریزانی پاڵەوانییەتییەکە دەبێت. دوای ئەویش هاوڕێیەکەی، گاریس بەیڵ لە هەڵبژاردەی ویلز لە پلەی دووەم دێت و ڕۆبەرت لیڤاندۆفسکی لە هەڵبژاردەی پۆڵەندا لە پلەی سێیەم دەبێت.




پێشبڕکێ



**بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

زانیار جەمال لە سلێمانی

بە لێدوانی:

**( بڕۆ وازمان لێبێنە، ڕەخنەگری بێوێنە )**

## 6 LOTTO چل و پێنجەمین پێشبڕکێ

روودلو وەرزشی
ژمارە (380) سێشەممە 2015/12/22

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە. بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان:

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(ڕووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
www.rudaw.net
(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران : هونە مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە